## ولاتەکەمان بناسین

# شارۆچکەی خەلەکان




خەلەکان دەکەوێتە سەر جادەی گشتی سلێمانی _ دوکان و لە شوێنێکی دلگیری نێوان چیای کۆسرەت و هەیبەت سوڵتاندایە. نزیکەی ( ١٥ ) کیلۆمەتر لە شارۆچکەی دوکانەوە دوورە. خەلەکان زۆر کۆنەو پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام خەڵکی تیا ژیاوە. ئەو سەردەمە شوێنێکی گرنگی بازرگانی بوەو کاروانچییەکان هاتوچۆیان پێدا کردووەو لەوێ حەوانەتەوە. تا ئێستاش هەندێك شوێنەواری ئەو سەردەمە ماوەتەوە. چەند لێکدانەوەیەك بۆ وشەی خەلەکان هەیە. دیارترینیان ئەڵێت هەموو ساڵێك ( خەلەوخەرمان ) ی زۆری تیا کۆکراوەتەوە، لە هاویناندا لەدورەوە خەرمانەکان دیار بوون، بۆیە ناونراوە خەلەکان. خەلەکان چەند جارێك بەر شاڵاوی کاولکاری کەوتووە. لە ساڵی ( ١٩٨٦ ) دا بە تەواوی وێران کراوە، بەڵام دوای راپەڕینە مەزنەکەی کوردستان ئاوەدان کراوەتەوەو ئێستا گەلێك شوێنی خزمەتگوزاری تێیە.

# یاریگەی تۆپی پێ






ئەم یاریگەیە شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە. درێژییەکەی لە نێوان (١٠٠-١١٠) مەترو پانییەکەشی لە نێوان (٦٤-٧٥) مەتردایە. هێڵێك یاریگەکە دەکات بە دوو بەشی یەکسانەوە، لە ناوەڕاستی ئەم هێڵەدا بازنەیەك هەیە کە نیوەتیرەکەی ( ١٠ ) یاردەیە. ئەم بازنەیە ناوەڕاستی یاریگەکەیە. ئەم یاریگەیە دوو (گۆڵ) ی تێدایە کە هەریەکەیان ( ٢,٤٤ ) مەتر بەرزو ( ٧,٣٢ ) مەتر درێژە. ناوچەی سزا بە دوو هێڵی ستون لەسەر هێڵی گۆڵ دروست دەکرێت. دوای ئەوەی ئەم دوو هێڵە بۆ ماوەی (١٨ یاردە) لە هێڵی گۆڵ دوور دەکەونەوەو پاشان بە هێڵێکی تر بەیەکتر دەگەیەنرێن، ئەوا ناوچەیەك دروست دەکات پێی دەوترێ ناوچەی سزا.

ئا : جەمال حسێن / وێنە : بیگەرد عوسمان